SDH



# "من بۆ ڕێکاری دبلن وەرگیراوم - ئەوە مانای چییە؟"

ب

ڕێکاری دبلن - زانیاری بۆ ئەو کەسانەی کە لە ڕێکاری دبلندان کە داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەن (مادەی ٤ی پێڕەوی (یەکێتی ئەوروپا) ژمارە ٢٠١٣/٦٠٤)

ئەم بڵاوکراوەیە بە تۆ دراوە چونکە تۆ لەم وڵاتە یان لە وڵاتێکی تری دبلن داوای پاراستنی نێودەوڵەتی (پەنابەری)ت کردووە و کاربەدەستان لەبەر چەند هۆیەک باوەڕیان وایە کە دەبێت داواکەت لە وڵاتێکی تردا تاوتوێ بکرێت.


ئەوەی کە لە کام وڵاتدا داواکارییەکەت تاوتوێ دەکرێت، لەسەر ئەو بنەمایە دیاری دەکرێت کە پێی دەوترێت ڕێکار بەگوێرەی پێڕەوەی دبلن کە لە یاسای یەکێتیی ئەوروپادا دانراوە. ڕێکارەکە پێی دەوترێت "ڕێکاری دبلن". لە بڵاوکراوەکەدا هەوڵ دەدرێت وەڵامی گشتیترین ئەو پرسیارانە بدرێتەوە کە تایبەتن بە ڕێکارەکە.

ئەگەر لەم بڵاوکراوەیەدا لە شتێک تێنەگەیت کە باس کراوە، داوا لە کاربەدەستان بکە ڕوونکردنەوەی بۆ بکەن.

ئەم بڵاوکراوەیە تەنها بۆ مەبەستی زانیاریدان ئامادەکراوە. تیایدا زانیاریی گرنگ سەبارەت بە ڕێکارەکانی دبلن بۆ ئەو کەسانە باس دەکرێت کە داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەن. بەم بڵاوکراوەیە هیچ مافێک یان پابەندبوونێکی یاسایی بەکارناهێنرێت یان پشتڕاست ناکرێتەوە. ماف و ئەرکەکانی دەوڵەتەکان و کەسەکان لەسەر بنەمای ڕێکاری دبلن لە پێڕەوی (یەکێتی ئەوروپا) ژمارە ٦٠٤/٢٠١٣ پشتڕاستکراوەتەوە.

©یەکێتی ئەوروپا، ٢٠١٤
کۆپیکردنی نووسراوەکە ڕێگەپێدراوە. بۆ بەکارهێنان یان کۆپیکردنەوەی وێنە تاکەکان دەبێت ڕاستەوخۆ لە خاوەنی مافی چاپ وبڵاوکردنەوە داوای مۆڵەت بکرێت.






وڵاتانی دبلن هەر ٢٧ وڵاتی ئەندامی یەکێتی ئەوروپان (هۆڵەندا، بەلجیکا، بولگاریا، ئیسپانیا، ئێرلەندا، ئیتاڵیا، نەمسا، لاتڤیا، لیتوانیا، لۆکسمبۆرگ، یۆنان، کرواتیا، قوبرس، ماڵتا، پورتوگال، پۆڵەندا، فەرەنسا، ڕۆمانیا، سوید، ئەڵمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، فینلەندا، دانیمارک، کۆماری چیک، هەنگاریا، ئیستۆنیا، هەروەها چوار وڵاتی "هاوکار" لەگەڵ سیستەمی دبلن (نەرویج، ئایسلەندا، سویسرا و لیختنشتاین).

## — بۆچی من لە ڕێکاری دبلن دا دانراوم؟

پێڕەوی دبلن لە ناوچەیەکدا کاری پێ دەکرێت کە ٣١ وڵات لەخۆدەگرێت. **ئەوانەی کە پێیان دەوترێت وڵاتانی دبلن بریتین لە:** هۆڵەندا، بەلجیکا، بولگاریا، ئیسپانیا، ئێرلەندا، ئیتاڵیا، نەمسا، لاتڤیا، لیتوانیا، لۆکسمبۆرگ، یۆنان، کرواتیا، قوبرس، ماڵتا، پورتوگال، پۆڵەندا، فەرەنسا، ڕۆمانیا، سوید، ئەڵمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، فینلەندا، دانیمارک، کۆماری چیک، هەنگاریا و ئیستۆنیا، هەروەها و چوار وڵاتی "پەیوەندیدار" بە سیستەمی دبلن (نەرویج، ئایسلەندا، سویسرا و لیختنشتاین).

لە ڕێکاری دبلن دا ئەوە دیاری دەکرێت کە لە کام وڵات دەبێت داوای پەنابەرییەکەت تاوتوێ بکرێت. ئەمەش مانای وایە کە لەوانەیە بگوێزرێیتەوە بۆ وڵاتێکی تر کە بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت.

ڕێکاری دبلن دوو ئامانجی هەیە:
- دڵنیابوون لەوەی کە داواکەت لە کۆتاییدا لەلایەن کاربەدەستانی ئەو وڵاتەوە تاوتوێ دەکرێت کە بەرپرسیارێتییەکەی لەسەرە؛
- دڵنیابوون لەوەی کە تۆ داوای مافی پەنابەری لە زیاتر لە یەک وڵات ناکەیت بە مەبەستی درێژکردنەوەی مانەوەت لە وڵاتانی دبلن دا.

هەتاکو دیاری نەکرێت کام وڵات بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت، کاربەدەستانی ئەم وڵاتە بەشێوەیەکی وردتر داواکەت تاوتوێ ناکەن.

**لەبیرت بێت:** بۆت نیە بڕۆیت بۆ وڵاتێکی تری دبلن. ئەگەر بڕۆیت بۆ وڵاتێکی تری دبلن، لەوێوە دەتگەڕێننەوە بۆ ئێرە یان بۆ وڵاتێکی تر کە پێشتر داوای مافی پەنابەریت لێ کردووە. ئەگەر لێرە دەستبەرداری داواکەت بیت، ئەوە کاریگەریی لەسەر ئەوە نابێت کە کام وڵات بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت. ئەگەر خۆت بشاریتەوە یان ڕابکەیت، دەکرێت دەستبەسەر بکرێیت.

ئەوەمان پێ ڕاگەیەنە ئەگەر پێشتر لە وڵاتێک لە وڵاتانی دبلن ژیاویت، بەڵام پێش هاتنت بۆ ئەم وڵاتە ماوەیەک لە دەرەوەی وڵاتانی دبلن ماویتەوە. ئەمە گرنگە چونکە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەوە بکات کە لە کام وڵاتدا دەبێت داواکەت تاوتوێ بکرێت. لەوانەیە داوات لێ بکرێت بەڵگەیەک پێشکەش بکەیت کە تۆ لە دەرەوەی ناوچەی دبلن ماویتەوە، بۆ نموونە مۆرێک لە پاسپۆرتەکەتدا، بڕیاری گەڕاندنەوە یان دیپۆرتکردن یان بەڵگەنامە فەرمییەکانی تر کە نیشانی دەدەن کە تۆ لە دەرەوەی ناوچەی دبلن ماویتەوە یان کارت کردووە.






©European Union

## — چ زانیارییەک دەبێت بەبێ قەید و شەرت بە کاربەدەستانی بڵێم؟ چۆن دەتوانم ئەم زانیاریانە بۆ کاربەدەستان باس بکەم؟

بە ئەگەرێکی زۆرەوە چاوپێکەوتنێکت بۆ ڕێکدەخرێت کە پێی دەوترێت چاوپێکەوتنی شەخسی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە لە کام وڵاتدا دەبێت داوای پەنابەرییەکەت تاوتوێ بکرێت. لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا باسی ئەوەت بۆ دەکرێت کە مەبەست لە ڕێکاری دبلن چیە. پێویستە هەموو زانیارییەکمان پێ بڵێیت لە بارەی ئەندامانی خێزانەکەتەوە یان ئەو خزم و کەسانەت کە لە وڵاتێکی دبلن دا دەژین، هەروەها زانیارییەکانی دیکە کە پێت وایە سوودیان هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە لە کام وڵاتدا دەبێت داواکەت تاوتوێ بکرێت (دواتر سەیری زانیاریی وردتر بکە سەبارەت بەوەی کە چی زانیارییەک کاریگەریی بۆ سەر ئەمە هەیە). هەروەها پێویستە هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە لای خۆت هەن و زانیاریی گرنگیان تێدایە بیخەیتەڕوو.

**بە باسکردنی هەموو زانیارییە گرنگەکان، یارمەتیی ڕوونکردنەوەی ئەوە دەدەیت کە لە کام وڵاتدا دەبێت داواکەت تاوتوێ بکرێت.**

چاوپێکەوتنەکە بەو زمانە ئەنجام دەدرێت کە دەیزانیت یان ئەوەی کە بە ڕادەیەکی گونجاو وا چاوەڕوان دەکرێت کە دەیزانیت و دەتوانیت پەیوەندیی لێکتێگەیشتنی پێ بکەیت.

ئەگەر لەو زمانە تێنەگەیت کە لە گفتوگۆکەدا بەکاردێت، دەتوانیت داوای وەرگێڕ بکەیت بۆ یارمەتی. وەرگێڕ بۆی هەیە تەنها ئەو شتانە وەرگێڕێت کە تۆ و کاربەدەستەکە دەیڵێن. وەرگێڕ بۆی نیە ڕاوبۆچوونی خۆی باس بکات. ئەگەر بەلاتەوە سەخت بوو لە وەرگێڕەکە تێبگەیت، ئێمە و / یان نوێنەرە یاساییەکەت ئاگاداربکەرەوە.

گفتوگۆکە نهێنییە. واتە هەر شتێک کە دەیڵێیت (تەنانەت ئەوەش کە داوای مافی پەنابەریت کردووە) بۆ کەسانی دیکە یان کاربەدەستانی وڵاتی خۆت کە بە جۆرێک بتوانن زیان بە تۆ یان ئەندامانی خێزانەکەت بگەیەنن کە هێشتا لە وڵاتی خۆتدان باس ناکرێت.

تەنها لە کاتێکدا دەتوانرێت مافی چاوپێکەوتنت پێ نەدرێت ئەگەر دوای ئەوەی کە باسی دبلن و ئەوەی کە چۆن کاریگەریی لەسەر بارودۆخەکەت هەیە ئەو زانیاریانەت بە شێوەیەکی تر پێشوەختە دابێت. ئەگەر چاوپێکەوتن ڕێکنەخرا، دەتوانیت داوای ئەوە بکەیت کە ڕێگەت پێ بدرێت نووسراو زانیاریی زیاتر بنێریت کە گرنگن بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە دەبێت داواکارییەکەت لە کام وڵاتدا تاوتوێ بکرێت.



## — کاربەدەستان چۆن بڕیار دەدەن کە دەبێت داواکارییەکەم لە کام وڵاتدا تاوتوێ بکرێت؟

چەندین هۆی جیاواز هەیە کە لەسەر بنەمای ئەوانە وڵاتێکی دیاریکراو بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت. ئەو هۆیانەش بە پێی زنجیرەی گرینگیی خۆیان کە یاسا دیاریی کردووە پشکنینیان بۆ دەکرێت. ئەگەر هۆیەک تۆ نەگرێتەوە، دەچنە سەر هۆیەکەی دواتر و هەتا دێت.

ئەم هۆیانە بە پێی زنجیرەی گرینگیی خۆیان پەیوەندییان بەم ڕاستییانەی لای خوارەوە هەیە:

- ئەندامێکی خێزانەکەت هەیە (هاوسەر یان منداڵی خوار تەمەنی ١٨ساڵ) کە پێگەی پاراستنی نێودەوڵەتی پێدراوە یان داوای مافی پەنابەری لە وڵاتێکی تری دبلن کردووە. **لەبەر ئەوە گرنگە پێش ئەوەی یەکەم بڕیار لەسەر داواکەت بدرێت، باسی بکەیت ئەگەر ئەندامانی خێزانەکەت لە وڵاتێکی تری دبلن هەیە.** ئەگەر دەتەوێت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بچیتە هەمان وڵات ، پێویستە تۆ و ئەندامانی خێزانەکەت لەو بارەیەوە بە نووسراو ئاگاداریی بدەن.
- پێشتر لە وڵاتێکی تری دبلن ڤیزە یان مۆڵەتی نیشتەجێبوونت پێدراوە
- لە وڵاتێکی تری دبلن پەنجەمۆرت لێ وەرگیراوە و (لە بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداکی ئەورووپیدا هەڵگیراوە[١])
- بەڵگە هەیە کە تۆ لە وڵاتێکی تری دبلن ماویتەوە یان بەڕێگەی ئەو وڵاتەدا گەشتت کردووە، تەنانەت ئەگەر لەوێ پەنجەمۆریشت لێ وەرنەگیرابێت.




١) **زانیاری زیاتر لەسەر بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداک لە بەشی ئا "بۆچی پەنجەمۆرم لێ وەردەگیرێت؟".**

## — ئەی ئەگەر من وابەستەی خزمەت و چاودێریی کەسێکی تر بم یان کەسێکی تر وابەستەی من بێت؟

دەتوانیت لەگەڵ **دایکت، باوکت، منداڵ، برا یان خوشکەکەت** بچیتە هەمان وڵات ئەگەر هەموو ئەم مەرجانەی لای خوارەوە هەبن:

- ئەوان بە شێوەیەکی یاسایی لە یەکێک لە وڵاتانی دبلن دەژێن
- یەکێک لە ئێوە دووگیانە یان بەم دواییە منداڵی بووە، یان بە سەختی نەخۆشە، کەمئەندامی سەختە یان بەساڵاچووە
- یەکێک لە ئێوە وابەستەی خزمەت و چاودێریی کەسێکی دیکەتانە و ئەو کەسەی تریش توانای ئەوەی هەیە ئاگای لەو بێت.

ئەو وڵاتەی کە منداڵەکەت، خوشک و برات یان دایک و باوکت تێیدا نیشتەجێیە بەشێوەیەکی گشتی ڕازی دەبێت بەوەی کە داواکەت تاوتوێ بکات ئەگەر پەیوەندییە خێزانییەکان پێشتر لە وڵاتی زێدی خۆتەوە هەبووبن. هەروەها دەبێت بە نووسراو ئەوە ڕابگەیەنیت کە هەردووکتان دەتانەوێت بچن بۆ هەمان وڵات.

ئەگەر پێشتر لە هەمان وڵاتی منداڵەکەت، خوشک و براکەت یان دایک و باوکتدا بوویتە، یان ئەگەر لە وڵاتێکی جیاوازدایت لە کەسوکارەکەت، دەتوانیت داوای یەکگرتنەوەی خێزان بکەیت. ئەگەر لە وڵاتی جیاوازدان، پێویستە تۆ بچیت بۆ ئەو وڵاتەی تر، مەگەر بەهۆی بارودۆخی تەندروستیی خۆتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر نەتوانیت گەشت بکەیت.

هەروەها دەتوانیت بە درێژایی ڕێکاری پەنابەرییەکە لەبەر هۆی ئینسانی، کولتووری یان خێزانی داوای یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بکەیت. ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر داواکە درا، لەوانەیە پێویست بکات بگوێزیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە ئەندامی خێزانەکەتی لێ دەژێن. لەو حاڵەتەدا داوای ڕەزامەندیی نووسراوت لێدەکرێت بۆ گواستنەوەکە. گرنگە پێمان بڵێیت ئەگەر هۆی ئینسانی هەیە بۆ ئەوەی داواکەت لێرە یان لە وڵاتێکی تردا تاوتوێ بکرێت.

**لەوانەیە داوات لێ بکرێت کە بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکەت ڕوونکردنەوەیەک یان بەڵگەیەک لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان، وابەستەیی یان هۆیە ئینسانیەکان پێشکەش بکەیت.**



## — ئەی ئەگەر نەخۆش بم یان پێویستیی تایبەتم هەبێت؟

بۆ ئەوەی ئەو چارەسەرە پزیشکییە وەربگریت کە پێویستتە، پێویستە کاربەدەستان بزانن ئەگەر پێویستیی تایبەتت هەیە، بۆ نموونە بەهۆی باری تەندروستیتەوە، و بەتایبەت ئەگەر

- جۆرێک کەمئەندامیت هەیە
- دووگیانیت
- نەخۆشییەکی سەختت هەیە
- ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان، دەستدرێژیکردنی سێکسی یان توندوتیژیی تری دەروونی، جەستەیی یان سێکسی جددی بوویتەتەوە.

ئەگەر باسی باری تەندروستیی خۆتمان بۆ بکەیت، ئینجا بڕیار بدرێت کە دەگوازرێیتەوە بۆ وڵاتێکی تر، ئەوا پێش ئەوەی زانیارییە تەندروستییەکانت بۆ وڵاتی بەرامبەر بنێردرێت داوای مۆڵەت لە خۆت دەکرێت. ئەگەر مۆڵەت نەدەیت بۆ ناردنی زانیارییە تەندروستییەکانت، ئەوا نانێردرێن. بەڵام ئەوە ڕێگری ناکات لە گواستنەوەت بۆ ئەو وڵاتەی بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت. لەگەڵ ئەوەشدا ئاگاداربە کە، ئەگەر مۆڵەت نەدەیت بۆ ناردنی زانیارییە تەندروستییەکانت، لە وڵاتەکەی دیکەدا ناتوانرێت پێداویستییە تایبەتەکانت لەبەرچاو بگیرێن.

لەبیرت بێت کە، پسپۆڕانی بواری خزمەتی تەندروستی بەهۆی کارەکانیانەوە بەرپرسیارێتیی ئەوەیان لە ئەستۆدایە کە لە هەموو کاتێکدا بە نهێنی مامەڵە لەگەڵ زانیارییە تەندروستییەکانت بکەن.

## — چەند کات دەخایەنێت هەتا بزانم کام وڵات داواکەم تاوتوێ دەکات؟ تاوتوێکردنی داواکەم چەند کات دەخایەنێت.؟

ئەگەر کاربەدەستانی ئەم وڵاتە بڕیار بدەن کە داوای پەنابەرییەکەت لێرە تاوتوێ بکرێت، ئەوا ڕێگەت پێدەدرێت لێرە بمێنیتەوە و داواکارییەکەت لێرە تاوتوێ دەکرێت.

## ـــ ئەی ئەگەر بڕیار بدرێت کە دەبێت داواکەم لە وڵاتێکی تردا تاوتوێ بکرێت جیاواز لەو وڵاتەی کە ئێستا لێی دەژیم؟

ئەگەر دەرکەوت کە دەبێت داواکەت لە وڵاتێکی تردا تاوتوێ بکرێت، ئەوا لە ماوەی **سێ مانگدا** لەو کاتەوە کە داواکەت لەم وڵاتەدا پێشکەش کردووە، داوایەک پێشکەشی ئەو وڵاتە دەکرێت بۆ ئەوەی تاوتوێکردنی داواکەت لە ئەستۆ بگرێت.

ئەگەر بڕیارەکە لەسەر بنەمای زانیارییەکانی پەنجەمۆرەکەت درابێت، ئەو کاتە داواکە بۆ ئەو وڵاتەی تر لە ماوەی **دوو مانگدا** دوای وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان لە بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداک پێشکەش دەکرێت.

- ئەگەر ئەمە یەکەمجارە کە تۆ لە وڵاتی دبلن دا داوای مافی پەنابەری دەکەیت، بەڵام هۆیەک هەیە بۆ باوەڕکردن بەوەی کە دەبێت داواکەت لە وڵاتێکی تری دبلن تاوتوێ بکرێت، ئەوا داوا لەو وڵاتەی تر دەکرێت کە **"وەرت بگرێت"**.

ئەو وڵاتەی کە داوای وەرگرتنی لێ دەکرێت، دەبێت لە ماوەی دوو مانگدا لەوە بەدواوە کە داواکەی وەرگرتووە وەڵام بداتەوە. ئەگەر لەو وادەیەدا وڵاتەکە وەڵام نەداتەوە، ئەوە مانای ئەوەیە کە ڕەزامەندیی دەربڕیوە لەسەر لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی تاوتوێکردنی داواکەت.

- ئەگەر پێشتر لە وڵاتێکی تردا جگە لەو وڵاتەی دبلن کە ئێستا لێی دەمێنیتەوە داوای مافی پەنابەریت کردووە، ئەوا داوا لەو وڵاتەی تر دەکرێت کە **"بتباتەوە بۆ ئەوێ"**

ئەو وڵاتەی کە داوای وەرگرتنەوەتی لێدەکرێت دەبێت لە ماوەی **مانگێکدا** لەوە بەدواوە کە داواکەی وەرگرتووە وەڵام بداتەوە، یان لە ماوەی **دوو هەفتە**دا ئەگەر داواکە لەسەر بنەمای زانیارییەکانی یۆرۆداک بێت. ئەگەر وڵاتەکە لەو وادەیەدا وەڵام نەداتەوە، ئەوە مانای ئەوەیە کە ڕازی بووە بەرپرسیارێتی تاوتوێکردنی داواکەت لە ئەستۆ بگرێت و ڕازی بووە کە تۆ بباتەوە بۆ ئەوێ.

ئەگەر لە بری ئەوە داوای پەنابەریت لەم وڵاتەدا **نە**کردبێت و ئەو داوای پەنابەرییەی کە لە وڵاتێکی تردا پێشکەشت کردووە بە بڕیاری کۆتایی ڕەتکرابێتەوە، دەتوانین یان داوای ئەوە بکەین کە ئەو وڵاتەی بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت بتباتەوە بۆ ئەوێ، یان بتگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتی زێدی خۆت یان بۆ ئەو وڵاتەی کە لەوێدا شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەییت هەیە یان بۆ وڵاتێکی سێیەمی سەلامەت.



ئەگەر وڵاتێکی تر ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر لە ئەستۆگرتنی تاوتوێکردنی داواکەت، ئەوا تۆ لەو بڕیارە ئاگادار دەکرێیتەوە کە

- داوای پەنابەرییەکەت لەم وڵاتەدا تاوتوێ ناکرێت و
- تۆ دەگوێزرێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت.

گواستنەوەکە لە ماوەی شەش مانگدا لەوە بەدواوە ئەنجام دەدرێت کە ئەو وڵاتەی تر بەرپرسیارێتی خۆی قبوڵ کردووە، یان ئەگەر لە ماوەی شەش مانگدا دوای ئەوەی کە دادگا بڕیاریدا کە دەتوانرێت تۆ بگوازرێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی تر بڕیارتدا تانە لە بڕیارەکە بدەیت. ئەگەر لە دەستی کاربەدەستانی ئەم وڵاتە هەڵهاتیت یان ئەگەر زیندانی کرایت دەکرێت ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە.

ئەگەر لەم وڵاتەدا هاوکات لەگەڵ ڕێکاری دبلن دا تۆ دەستبەسەر بکرێیت / ببرێیت بۆ کەمپی داخراو، ماوەی دیاریکراوی کورتتر دەگونجێنرێت (بۆ زانیاری زیاتر سەیری بەشی دەستبەسەری بکە).

لەو وڵاتەدا کە بەرپرسیارێتیی لە ئەستۆدایە، وەکوو داواکارێکی پەنابەری مامەڵە لەگەڵ تۆدا دەکرێت و هەموو ئەو مافانە وەردەگریت کە پەیوەندییان بەم پێگەیەوە هەیە. ئەگەر پێشتر داوای پەنابەریت لەو وڵاتەی کە باسی لێوە دەکرێت نەکردووە، دەتوانیت دوای گەیشتنت بە وڵاتەکە داوا پێشکەش بکەیت.



©iStockphoto / Joe Gough

## ــــ ئەی ئەگەر ئەو بڕیارە قبوڵ نەکەم کە بەپێی ئەوە من دەگوێزرێمەوە بۆ وڵاتێکی تر؟

دەتوانیت ڕابگەیەنیت کە بڕیاری گواستنەوە بۆ وڵاتێکی تری دبلن قبوڵ ناکەیت. ئەمەش پێی دەوترێت تانەدان ('داوای گۆڕانکاری' یان 'دووبارە تاوتوێکردنەوە'). هەروەها دەتوانیت داوای ڕاگرتنی گواستنەوەکە بکەیت هەتا ئەو کاتەی تانەدانەکە تاوتوێ دەکرێت یان بابەتەکە سەر لەنوێ تاوتوێ دەکرێتەوە.

لە کۆتایی ئەم بڵاوکراوەیەدا زانیاری لەسەر ئەوە هەیە کە پەیوەندی بە چی لایەنێکی دەسەڵاتەوە بکەیت ئەگەر بتەوێت لەم وڵاتەدا تانە لە بڕیارەکە بدەیت.

کاتێک کە بڕیاری گواستنەوەی فەرمی لە لایەن کاربەدەستانەوە وەردەگریت، ٣٠ ڕۆژ کاتت هەیە بۆ تانەدان لە بڕیارەکە بە پەیوەندیکردن بە دادگای کارگێڕییەوە. زۆر گرنگە کە تۆ لە ماوەی دیاریکراودا تانە لە بڕیارەکە بدەیت (واتە داوای گۆڕینی بڕیارەکە بکەیت یان داوای دووبارە تاوتوێکردنەوەی بکەیت).

تۆ حەوت (٧) ڕۆژ کاتت هەیە بۆ ئەوەی داوای ڕاگرتنی گواستنەوەکە بکەیت تا ئەو کاتەی کە تانەدانەکە تاوتوێ دەکرێت. دادگا بە خێرایی ئەم بڕیارە دەدات. ئەگەر ڕازی نەبوو گواستنەوەکە ڕابگیرێت، دەبێت هۆیەکان بخاتەڕوو کە بۆچی نا.

تۆ لە کاتی ئەم ڕێکارەدا مافی ڕاوێژی یاسایی و ئەگەر پێویست بوو یارمەتیی وەرگێڕی نووسین یان وەرگێڕی زارەکیت هەیە. ڕاوێژی یاسایی واتە تۆ مافی ڕاوێژکارێکی یاساییت هەیە کە ئەو بەڵگەنامە ئامادە بکات کە پەیوەندییان بە تۆوە هەیە و لە دادگادا نوێنەرایەتیت بکات.

دەتوانیت ئەو جۆرە ڕاوێژانە بە خۆڕایی وەربگریت ئەگەر توانای ئەوەت نییە پارەکەی بدەیت.

## — ئایا دەکرێت دەستبەسەر بکرێم؟

لەوانەیە هۆی تر هەبێت کە لەبەر ئەوانە دەستبەسەر بکرێیت، بەڵام بەپێی ڕێکاری دبلن، تەنها کاتێک دەتوانرێت دەستبەسەر بکرێیت ئەگەر کاربەدەستان پێیان وابێت کە مەترسییەکی گەورەی ئەوە هەیە کە ڕەنگە تۆ هەڵبێیت، چونکە ناتەوێت بگوێزرێیتەوە بۆ وڵاتێکی تری دبلن.

## - ئەمە واتای چییە؟

ئەگەر کاربەدەستان پێیان وابێت کە مەترسییەکی بەرچاو هەیە کە تۆ لە دەستی کاربەدەستان هەڵدێیت (بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی پێشتر ئەوەت کردووە یان لەبەر ئەوەی پابەند نەبوویتە بە بەرپرسیارێتیی خۆ ناونووسکردنەوە یان بە هەر هۆیەکی دیکە)، دەتوانرێت لە هەر کاتێکدا لە کاتی ڕێکاری دبلن دا دەستبەسەر بکرێیت. ئەو هۆیانەی کە بە پشتبەستن بەوانە کە دەتوانرێت تۆ دەستبەسەر بکرێیت لە یاساکەدا نووسراون. دەستبەسەرکردن بە هیچ هۆیەکی تر ناتوانرێت بکرێت جگە لەوانەی کە لە یاسادا نووسراون.

تۆ مافی وەرگرتنی زانیاری نووسراوت هەیە سەبارەت بە هۆیەکانی دەستبەسەرکردن و ئەگەری تانەدان لە بڕیاری دەستبەسەرکردن. هەروەها مافی وەرگرتنی ڕاوێژکاری یاساییت هەیە ئەگەر بتەوێت تانە لە بڕیاری دەستبەسەرکردن بدەیت.

ئەگەر لە کاتی ڕێکاری دبلن دا دەستبەسەر کرایت، ئەوا دوا وادەیڕێکارەکە سەبارەت بە تۆ بەم شێوەیە دەبێت:

- لە ماوەی **مانگێک**دا دوای ئەوەی تۆ داوای پەنابەرییەکەت پێشکەش دەکەیت ئێمە داوایەک پێشکەش بە وڵاتەکەی تر دەکەین بۆ قبوڵکردنی بەرپرسیارێتییەکەی.
- ئەو وڵاتەی کە داواکەی پێشکەش دەکەین دەبێت لە ماوەی **دوو هەفتە**دا لە دوای وەرگرتنی داواکارییەکە وەڵام بداتەوە.
- گواستنەوەکە دەبێت لە ماوەی **شەش هەفتە**دا دوابەدوای ئەوەی کە ئەو وڵاتەی بەرپرسیارێتیەکەی لە ئەستۆدایە داواکە قبوڵ دەکات ئەنجام بدرێت. ئەگەر تانە لە بڕیاری گواستنەوەکە بدەیت، ئەوا ماوەی شەش هەفتەکە لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە لایەنێکی دەسەلاتدار یان دادگا بڕیاری ئەوە دەدات کە بۆ تۆ سەلامەتە کە لە وڵاتی بەرپرسیاردا بمێنیتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە داواکەت لەوێ تاوتوێ دەکرێت.

ئەگەر کاربەدەستان نەیانتوانی پابەندبن بە وادەی پێشکەشکردنی داواکارییەکە یان ئەنجامدانی گواستنەوەکە، ئەوا دەبێت دەستبەسەرکردنەکەی پەیوەست بە ڕێکارەکانی دبلن کۆتایی پێ بهێنرێت. لەم حاڵەتەدا ئەو وادە ئاساییانەی کە لە سەرەوە خراوەتەڕوو، جێبەجێ دەکرێن.



## — چی لەو زانیارییە کەسییانە دەکرێت کە من پێشکەشم کردووە؟ چۆن بزانم کە ئەو زانیارییانە بە هەڵە بەکارناهێنرێن؟

کاربەدەستانی وڵاتانی دبلن دەتوانن لە نێوان خۆیاندا ئەو زانیاریانە ئاڵوگۆڕ بکەن کە تۆ لە ڕێکاری دبلن دا پێت داون تەنها بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆیان بەپێی ڕێساکانی دبلن و یۆرۆداک. بە درێژایی ڕێکاری دبلن تۆ مافی ئەوەت هەیە کە هەموو زانیارییە کەسییەکانت و ئەو زانیارییانەی کە سەبارەت بە خۆت و بارودۆخی خێزانەکەت و هتد پێشکەشی دەکەیت پارێزراو بن. زانیارییەکانت تەنها دەتوانرێت بۆ ئەو مەبەستانە بەکاربهێنرێن کە لە یاسادا دیاری کراون.

تۆ مافی خۆتە کە

- ئاشنای ئەو زانیارییانە بیت کە پەیوەندییان بە خۆتەوە هەیە. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە داوا بکەیت ئەم زانیاریانە، هەروەها زانیارییەکانی یۆرۆداکیش ڕاست بکرێنەوە ئەگەر هەڵەیان تێدابێت، یان زانیارییەکان لە بنکەی زانیارییەکان لاببرێن ئەگەر بە شێوەیەکی نایاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا کرابێت،
- ئاشنای ئەو زانیارییانە بیت کە تیایاندا ئەوە ڕوون دەکرێتەوە کە چۆن دەتوانیت داوای ڕاستکردنەوەی یان سڕینەوەی زانیارییەکانت بکەیت لە بنکەی زانیارییەکاندا بە زانیارییەکانی یۆڕۆداکیشەوە. هەروەها تۆ مافی ئەوەت هەیە کە زانیارییەکانی پەیوەندیکردنی کاربەدەستانی بەرپرسیار لە ڕێکارەکانی دبلن و زانیارییەکانی پەیوەندیکردنی دەسەڵاتە نیشتمانییەکانی پاراستنی زانیاری کە بەرپرسیارن لە تاوتوێکردنیی داواکانی پاراستنی زانیارییە کەسییەکان وەربگریت.

29.02.2024 - sorani

EUROPEAN UNION AGENCY FOR ASYLUM

European Commission

Rajavartiolaitos
Gränsbevakningsväsendet
The Finnish Border Guard

POLIISI
POLISEN I FINLAND
Police of Finland

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service